# کێ دەبێ ڕێگاچارەی کێشەی نێوان
# یەکێتی نیشتمانی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بدۆزێتەوە

لەبەشێکی تری قسەکانی مەلا بەختیار لەچاوپێکەوتنەکەی ڕادیۆی لاوانی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە یۆتۆبۆری لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەهێرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەهاوینی ٢٠٠٠ دا، دەڵێ: ( **ئەگەر بێیتە سەر ئەوەی بڵێیت ئەوە کارێکی باش بوو؟ هەقە چارەسەر بکرایە؟ دەڵێم نەخێر. ئەوکێشەیە نابێ هەتا هەتایە بمێنێ دەبێ چارەسەری بکەین بەڕاستی، ئێوەن ( مەبەستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یە ) کە نازانن ڕێگاکانی چارەسەر بدۆزنەوە، ئەوە ئێمە نین** ).

ئەوەی کە مەلا بەختیار لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ: **نەخێر. ئەوکێشەیە نابێ هەتا هەتایە بمێنێ دەبێ چارەسەری بکەین بەڕاستی** . لەگەڵ ئەو بەشەی تری وەڵامەکەیدا کە دەڵێ: **ئێوەن نازانن ڕێگاکانی چارەسەر بدۆزنەوە، ئەوە ئێمە نین**. ناتەبا و ناکۆکن و دنیایەك جیاوازیان هەیە. ئەمە هاوکێشەی بیرکردنەوەی تا ئێستای یەکێتی نیشتمانی یە سەبارەت بەم مەسەلەیە هەربۆیە تائێستا وەکو خۆی ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە. ئەم قسەیە نەك لەئاستی سیاسی و حزبایەتی دا تەنانەت لە ئاستی شەڕی دوو کەسیشدا جێی نابێتەوە، مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە لایەنی شەڕکەر و پەلاماردەر دەیەوێت لەڕێگای شەڕ و پەلاماردانەوە درێژە بەملهوڕی بدات و مل بەبەرامبەرەکەی کەچ بکات. ئاخر بەعەقڵی کێدا دەچێت کەسێك پەلاماری کەسێکی تر بدات و زەربەی لێ بدات و داوای ئەوەشی لێ بکات کە دەبێ ئەو کەسە خۆی ڕێگای چارەسەری ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە؟

ئەوە لای مەلا بەختیاریش ئاشکرایە کەبەهەموو پێوانەیەکی سیاسی و مەدەنی و دیموکراتی و ئازادی یەکێتی نیشتمانی تاوانێکی گەورەی بەرامبەر بەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەنجام داوە، چەند کەسی لێ کوشتووین، مەقەڕ و ڕادیۆی داخستووین، هەموو ممتەلەکاتی بردووین... خۆیشی لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ( کە ئایا کارێکی باش بوو ؟ دەڵێ: نەخێر ) کەواتە بەهەموو ئەو پێوانانە و بە ئیعترافی خۆیشی ئەوە کارێکی باش نەبوو. ئیتر ئۆباڵی ئەو کێشەیە و چارەسەرکردنیشی دەکەوێتە سەرشانی یەکێتی نیشتمانی. بەو مانایەی ئەوە ئەوانن دەبێ ڕێگا چارەکەی بخەنە ڕوو، دەبێ ڕێز لەئازادی سیاسی بگرن و بەخۆیاندا بچنەوە.

ئەوەی کە تائێستا لەبیرکردنەوەی جەلال تاڵەبانی و ئارادەیەکیش سەرکردەکانی یەکێتیدا ڕەنگ دەداتەوە و نەگۆڕاوە ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە و ڕێز لەئازادی سیاسی بگرن و کیشمەکێشێکی سیاسی و مەدەنیانە لەبەرامبەر مخالفینی خۆیاندا بەرنە پێشەوە، خۆیان لەچارەسەری ئەم کێشەیە دەدزنەوە، یان دەیانەوێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش وەکوحزبێکی ژێر دەستە و دەستەمۆی خۆیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا کار و هەڵسوڕان بکات. چونکە ئەوان تائێستا وەکو حزبێکی میلیشیایی ملهوڕ بەسەر کۆمەڵگا و حزبەکانی موخالفینی خۆیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا هەڵوێست وەردەگرن و مامەڵە دەکەن. هەروەك چۆن لەدەیان ساڵی ڕابردوودا لە شاخەکان و شارەکانیشدا ئەم حزبانە لەجیاتی ڕێزگرتن لەئازادی سیاسی و ململانێی سیاسی و مەدەنیانە شەڕیان لەدژی یەکتر بەرپاکردووە و حزبی خاوەن هێز و میلیشیای گەورە پەلاماری ئەوانەی تری داوەو ناچار بە قبوڵ کردنی مەرج و دەسەڵاتی خۆی کردوون و بە مەنتیقی هێز و شەڕ دەسەڵاتیان سەپاندووە.

بەکورتی: کلیلی چارەسەری کێشەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و یەکێتی نیشتمانی کە تاوانکاری لەبەرامبەردا ئەنجام داوین، ئازادی سیاسی یە. ئەمە ئەو مەسەلەیەیە کەئەوان بەبەردەوامی خۆیانی لێ دەدزنەوە. هەربۆیە بە ئێمە دەڵێن **ئێوەن کە نازانن ڕێگاکانی چارەسەر بدۆزنەوە، ئەوە ئێمە نین** )چونکە ئەوان تا ئێستا ڕێز لەئازادی سیاسی ناگرن. ڕەخنە و

ناڕەزایەتی و موخالفینی خۆیان پێ قبوڵ ناکرێت، لە جیاتی کێشمەکێشی سیاسی و مەدەنیانە بەمەنتیقی هێز و سەرکوت مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا و موخالفینی خۆیاندا دەکەن.

ئەگەر مەلا بەختیار ڕاست دەکات دەیانەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن ، دەبێ خۆشیان ڕێگا چارەکەی بخەنە ڕوو، دەبێ بە کردەوە ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگادا لەبەرامبەر موخالفینی خۆیاندا بەڕەسمی بناسن و ڕێزی لێ بگرن و بە بیرکردنەوە و کار و کردەوەی دژی ئازادی سیاسی تا ئێستای خۆیاندا بچنەوە.

ئەگەر مەلا بەختیار ڕاست دەکات کە ئەوان حزبێکی گەورەن و هەموو خەڵکیان لەگەڵە و تەنانەت چەپەکانی ئەوروپاش ئیتر بۆچی لە ئازادی سیاسی خۆیان دەدزنەوە و ناتوانن ئەم کێشەیە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست چارەسەر بکەن؟

سامان ئەحمەد

2005 / 4 /30